ڕوناک شوانی

# کام پیشە بۆ ژن گونجاوترە؟

کە قوتابی قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بووم زۆربەی هاوپۆلەکانم بە خۆمیشەوە خەمی ئەوە دایگرتبووین کە کەس و کار بڕیاری ئەوەمان بۆ بدەن کام ڕشتەی خوێندن هەڵبژێرین بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ئەو پیشەیەمان دەست کەوێ کە بۆ ژن گونجاوە . ئەمە پرسیارێکی گەورەی لا دروست کردبووم ، هەتا ئەهات پرسیارەکان زۆرتر ئەبوون و وەڵامەکانیش لەو ئاستەدا نەبوون کە وەڵامی ڕازەکانم بدەنەوە وبێدەنگم بکەن. کێ بەرپرسیارە لە دابەشکردنی کاروپیشە لەسەر بناغەی ڕەگەزی ژن و پیاو؟ کێ دەستنیشانی کردووە کە نابێ ژن ببێ بە شوفێرو پۆلیس وداداوەر و سەرۆک و... هتد؟؟ من پێم وابووئەم دابەشکردنە تەنها لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باوە وەک یەکێ لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات کە ژن تەنها لە چەند بوارێکی کارکردندا ئەتوانێ پارێزەری عورفە کۆمەڵایەتیەکان بێ و سنووری ئەو هێڵە سوورە نەبەزێنێ کە یاساکانی خێڵ و عەشیرەت بۆیان کێشاوە کە ئەویش لەسەر بناغەی یاساگەلێکی پیاوسالاری موتڵەق داڕێژراوە، دیارە ڕۆڵی مەزهەبیش بەدەر نابینم لەم داڕشتنەدا . ئەو کارو پیشانەش کە لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ژن قۆرخ کراوە بۆ نموونە کاری بوارەکانی پەروەردەو فێرکردنە بە پلەی یەکەم، پاشان بوارەکانی تر بە ناچاری پەسەند ئەکرێن وەک فەرمانبەری و بواری تەندروستی ، دیارە من لێرە مەبەستم کەم گرتنی هیچ کاروپیشەیەک نییە چونکە هەموو کاروپیشەیەک پیرۆزی خۆی هەیە و کەسی شیاوی خۆی هەیە ئەوەندەی مەبەستە لێرە خودی دابەشکردنی پیشە و کارەکانە لە سەر بناغەی ڕەگەزی مێینە و نێرینە . گەر کارەکانی بواری پەروەردە بۆ ژن کارێکی پەسەندترە لەبەر ئەوەیە کە کاتێکی زۆرتری ئەبێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کۆمەڵگە بە ئەرکی سەر شانی ژنی داناوەوبۆی دیاری کردووە لە بەخێوکردنی منداڵ وچێشت لێنان و بەڕێوەبردنی ماڵ و...هتد ، بێگومان گەر ژنی ماڵ تەنها کاری ماڵەوە ئەکا (کە ئەویش ئەرکێکی ئاسان نییەولەزۆربەی وڵاتانی جیهان ژنی ماڵ هیچ بیمەیەکی کۆمەڵایەتی نییە) ئەوا ژنێک کە کرێکار و فەرمانبەربێ ئەرکی دووبەرابەری ئەکەوێتە سەر شان واتا هەردوو ڕۆڵەکە ئەبینێ . بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا کە قەیرانی ئابووری هەموو دنیای گرتۆتەوە ژیانی سادەترین خێزان بە داهاتی کاری یەک ئەندام هەڵناسوورێ بە تایبەت لە ناو چینی کرێکارو فەرمانبەردا . بێگومان ژنی کورد هەروەک ژنانی هەموجیهان لەزۆربواری تردا کار ئەکەن بۆ دابینکردنی گوزەران و ژیانێکی باشتر بۆ خێزانەکانیان هەر لە کرێکاری کارخانەکان و نانەوایی و بەرگدروویی هەتا فەرمانگەکان و نەخۆشخانەکان وشوێنە خزمەتگوزارییەکان . ئەمڕۆ خۆشبەختانە ژن لە کوردستاندا لە زۆر بواری تری کارکردندا چالاکانە ڕۆڵی خۆی ئەبینی، وەک لە بنکەکانی پۆلیس و پۆلیسی هات و چۆ و ڕۆژنامەگەری وکاری سیاسی کە ڕوویەکی مۆدێرن و گەشی داوە بە کۆمەڵگەکەمان و ئومێدی داهاتوویەکی باشتری لێ ئەکرێ .

ئەوەی مەبەستمە لەم باسەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە سنووردارکردنی کاری ژنان تەنها لە کۆمەڵگەی کوردەواری ورۆژهەڵاتیدا نییە بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو و مۆدێرنیشدا هەربە هەمان شێوە کار لەسەر بناغەی ڕەگەزی مێینە ونێرینە دابەش کراوە . لە دواڕاپۆرتی سەنتەری سەرژمێری وزانیاری سوید کە لە ٢٠٠٦/٨/٢٩ بڵاوکرایەوە هاتووە کە ٩٠% کارەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن ، چاودێری منداڵان لە باخچەی ساوایان و دایانگە ، فەرمانگەکان ، نەخۆشخانەکان و بواری کارە خزمەتگوزارییەکان ژن پێی هەڵئەستێ . لەکاتێکدا ٩٠% کارەکانی بواری شوفێری ماشێنی بارهەڵگر و دارتاشی و بیناسازی و کارگەکانی بەرهەم هێنانی ئامێری قورس پیاوان ئەنجامی ئەدەن . لە هەندێ بواری تریشدا ٤٠% کارەکان هەردوو ڕەگەز بە هاوبەشی کار ئەکەن وەک بازرگانی ، ڕۆژنامەگەری و بوارەکانی تری ڕاگەیاندن و بواری تەندروستی .

لە وڵاتی سویدا هەر وەک هەموو وڵاتانی تری جیهان کە ژنان لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا دەستیان دایە خەباتی فێمێنیستی بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان، دیارە لە ژێر کاریگەری فێمێنیستەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرادا بوون، بەڵام خەباتی فێمێنیستی لە سویدا بەرهەم وئەنجامێکی باشتری هەبوو، بەهۆی کاریگەری چەندین فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە زەمینەیەکی لە بارو گونجاوی بۆ ریفۆرمی بنچینەیی ناو کۆمەڵگە ڕەخساند ، بۆیەش ئەمڕۆ سەرەڕای هەموو ئاستەنگە ئابووری و سیاسییەکان ژن لێرەدا پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزتری هەیە لە چاو زۆربەی وڵاتانی تری جیهان و ڕێژەی ژن لە شوێنی بڕیار و پەرلەماندا بەڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش بەرزە، هەروا ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی ژن هەیەتی لێرەدا دەستی واڵاتر ئەکا بۆ خۆپێگەیاندن و باشتر کردنی ژیانی وەک تاکێکی سەربەخۆوچالاکی ناو کۆمەڵ . بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ئەزموونە دەوڵەمەندەو خەباتە دووردرێژەدا، کەچی لێرەشداڕێژەی ژنان هەرلە هەمان ئەو کارو پیشانەدا زۆرترن، کە لە کوردستان ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی وڵاتانی تری جیهاندا هەیە و بۆڕەگەزی مێینە دەستنیشان کراوە، ئەی لێرە کێ بەرپرسیارە؟؟ ژن خۆی یان سیستمی ژیان؟؟ یان سیستمی سیاسی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە؟؟ کەواتە پرسیارەکەم ئەمڕۆ لە سویدیشدا هەر بێ وەڵام مایەوە !!! .

ئا/ شیرین صبور

# خوێندنگەو کێشەی خوێندکارە شوکردوەکانو چەند سەرنجێک



بەڕێوبەرێك "کاتێك خوێندکارێك شو دەکاتو دەگەرێتەوە، هەفتەی یەکەم خشڵو زێڕەکانی نمایش دەکات، هەفتەی دوای ئەوەش ئەلبومی وێنەکانی، پاشان باس باسی ئاهەنگو تەسریحەی قژیەتی. قریوە قریوی پێکەنینیان دونیا پڕ دەکات، بەمەش نەك هەر خوێندکار بەڵکو مامۆستامان هەیە دایکی دوو منداڵە ئیرەیی پێ دەبات"

ئەمەی سەرەوە نمونەیەکە لەگلەییو گازندەی بەڕێوبەری خوێندنگەیەکی ئامادەیی لەسلێمانی، کە بەدەست شوکردنی خوێندکاران لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندن دەناڵێنێت.

مامۆستاو شارەزایانی پەروەردە باس لەزیادبوونی ڕێژەی شوکردنی خوێندکاران دەکەن، بەتایبەتی لەقۆناغی ناوەندیو دواناوەندییەکان تەنانەت لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا.

یەکێك لەفاکتەرە سەرەکیەکانی شوکردنی خوێندکاران بەڕای مامۆستا ت.ع ئەو هاودژییەی کۆمەڵگایە "داخراوی کۆمەڵگەو زاڵبوونی نەریتی باوو پیاوسالاری لەخێزاندا لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کرانەوەی دنیای تەکنەلۆژیاو کەناڵەکانی پەیوەندییەکان تاکی خستووەتە گێژاوەوە، ئەو بەردەوام لەهەوڵی گەڕانە بەدوای بەزاندنی ئەم کۆتو بەندانە".

ت.ع باس لەوە دەکات لەوڵاتێکدا تەنها ڕێگەیە بۆ دەربڕینی حەزو ئارەزووە سێکسییەکانی تاك، هاوسەرگیری بێت، بۆیە هەرزەکارانو خوێندکاران پەنا دەبەنە بەر ئەم پرۆسەیە بێئەوەی لەدەرئەنجامەکانی بگەن.

کەسوکاری خوێندکاران پێیان وایە بڵاوبونەوەی شوکردنی خوێندکارانو مانەوەیان لەگەڵ هاوپۆلەکانیان، کاریگەری هەیە بۆ هاندانی خوێندکارانو چاولێکردنیان لەو هاوپۆلانەیان کە شویان کردووە. کێشەکەش گەورەتر دەبێت کاتێك کە خوێندکار بەهۆی کەم ئەزمونیو ناهوشیاریو منداڵی تەمەنیەوە خوێندنەکەی دەکاتە قوربانی شوکردنەکەی، هەندێ جاریش واز لەخوێندن دەهێنێت.

مامۆستایەکی تەمەن ٤٨ ساڵ ئامادە نەبوو ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتی "پارساڵ خوێندکارێکم هەبو نمرەکانی لەسەروی ٩٠ دابوو، هیوای زۆرم پێی هەبوو، بەڵام کە شوی کرد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نمرەکانی دادەگرتو تا وای لێهات بەئێجگاری وازی لەخوێندن هێنا".

دەرکەوتنی ئەم دیاردەیەو سکاڵای هەندێ لەکەسوکاری خوێندکاران، لەدەست شوکردنی خوێندکارانی کچو کاریگەرییەکانی بۆ هاوپۆلەکانیان دەگاتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە.

شیرین مەحمود ساڵح لێپرسراوی بەشی خوێندکاران لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەسلێمانی، جەخت لەم حاڵەتە دەکاتەوەو دەڵێت "چەندین جار بەڕێوەبەری خوێندنگەی ناوەندیو ئامادەییەکان هانایان بۆ ئێمە هێناوەو داوایان لێکردوین، ئەو خوێندکارانەی شو دەکەن بگوێزرێنەوە بۆ خوێندنگەی ئێواران".

بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراو ئاماژە بەبڕیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی دەکات بەپێی نوسراوی ژمارە ٣٣١٨٦ کە لەبەرواری ٢٠٠٦/٩/٢٣ دەرچووە، تێیدا هاتووە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان داوا لەبەڕێوەبەری خوێندنگاکان دەکات کە بوار نەدەن، بەو خوێندکارانەی شویان کردووە لەخوێندنگەی ڕۆژ دەوام بکەن، لەهەر پۆلو تەمەنێکدا بنو پێویستە بگوێزرێنەوە بۆ خوێندنگای ئێواران.

بڕیارەکەش لەسەرەتای دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن کاری پێکراوەو لێپرسراوی بەشی خوێندکاران بڕیارەکەی پێ باشەو دەڵێت "مەبەستمان لەم بڕیارە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی خوێندکارانە".

ئەو پێی وایە مانەوەی خوێندکاران پاش شوکردنیان لەهەمان خوێندنگەو لەو قۆناغە هەستیارەی کچاندا وەك دەڵێت کە "بمانەوێت یان نەمانەوێت چاولێکەریو لاسایی کردنەوە دیاردەیەکی ئاشکرایە لەنێو خوێندکاران، بۆیە جیاکردنەوەیان لەخوێندنگەی ئێواران کارێکی باشە".

مامۆستا نەسرین هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونەو پێی وایە خوێندکاران بەتەمەنێکی ناسکدا تێدەپەڕن، تێڕوانینیشیان بۆ گۆڕانکارییەکان تەواو پێنەگەیشتووە، ئەو کە دەبینێت هاوپۆلەکەی کیانێکی تازە دروست کردووەو هاوسەری هەڵبژاردووە، ئەمیش هێشتا سەرقاڵی خوێندنو تاقیکردنەوەیە، ئەم حاڵەتە هەندێ جار بەگوێرەی نەسرین وا لەخوێندکارەکە دەکات هەست بەکەمی بکات بەرامبەر بەهاوڕێکەی کە شوی کردووە.

ناوبراو زیاتر ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت "بیریشمان نەچێت ئیرەیی لەنێو هەندێ کچاندا دەبێتە پاڵنەرێك بۆ کردارێك، کە بەتەنها بۆ ئەوە دەیکات کە بەکەمتر لەو خوێندکارەی شوی کردووە سەیر نەکرێت".

لەلایەکی ترەوە نیگەرانی لەناوەندی خوێندکاران چ ئەوانەی بەهۆی گەورەیی تەمەنیان دەنێردرێنە خوێندنگەی ئێواران، وە چ بەهۆی شوکردنیان بێت.

أ.ن خوێندکارێکی دواناوەندییە، ١٩ ساڵ تەمەنیەتی ماوەی چەند مانگێکە شوی کردووە، پێی وایە بڕیارەکە غەدرێکی زۆری لەوو لەهاوشێوەی ئەو کردووە، چونکە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بەبۆچونی ئەو لایەنی کۆمەڵایەتی زۆربەی خوێندکارانی ڕەچاو نەکردووە. أ.ن دەڵێت "لەگەڵ ماڵی خەسومدا دەژیم، بەهەزار حاڵ ڕازی بوون بەردەوام بم لەخوێندن، ئێستاش کە ئێواران دەوام بکەمو شەو بگەڕێمەوە ئەوا هەر ناهێڵن".

لیپپرسراوی بەشی خوێندکاران شیرن مەحمود باس لەوە دەکات کە دەوام لەخوێندنگەی ئێواران تاکو ٥،٣٠. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەمە دەبێتە کێشە بۆیان وەك دەڵێت "کەواتە با جارێ شویان نەکردایە تا خوێندنیان تەواو دەکرد".

کۆمەڵێ خوێندکاری تر بڕیارەکەیان بەناڕەوا لەقەڵەم دا، هاژە لەگەڵ دوو خوێندکاری هاوپۆلی وەستابوو، مقۆ مقۆی ئەوەیان بوو، کە ئەوان وەکو ئامادەیی بازرگانی کچان تەنها یەك خوێندنگەیەکی ئێوارانیان بۆ تەرخانکردوون کە ئەویش تێکەڵە.

بەگوێرەی قسەکانی هاژە خوێندکاری تێدایە لەتەمەنی باوکی گەورەترە "تەواو بێتاقەت بوم لەخوێندن، بەتایبەتی کە هاوپۆلەکەم پیاوێکی گەورەیەو لەتەمەنی باوکمدایە ناچار بەشەرمەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەم".

لێپرسراوی بەشی خوێندکاران بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت "دەوامی ئێواران تێیدایە لەدایکبوونی ١٩٩٠ یان ١٩٨٨، یان ١٩٨٧، ئێ ئەویش کە شوی کردووە هەر لەو تەمەنەدایە".

ناوبراو ڕونی دەکاتەوە کە ئەگەر ئەو تەمەنە گەورانەش هەبن، ئەوە زۆر کەمنو چاریان ناچارەو ناکرێت جیا بکرێنەوە، لەهەمان کاتیشدا ناکرێت ئەمان وەکو خوێندکارێك شویان کردبێت لەهەمان خوێندنگەی کچان بمێننەوە "لەپۆلێکدا ٣ یان ٤ یان ٥ خوێندکار شویان کردووە، تۆ ناتوانیت ئەمان بکەیت بەساقەی ٦٠٠ یان ٧٠٠ خوێندکاری تر".